باڵیۆزخانەی ئەمریکا: مەترسی هەیە گروپە چەکدارەکانی هێتڵ و شوێنی نیشتەجێبون لە هەرێمی کوردستان و عێراق بکەنە ئامانج



باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا رایدەگەیەنێت، مەترسی هەیە گروپە چەکدارەکانی هاوپەیمانی ئێران، هێتڵ و شوێنی نیشتەجێبون لە هەرێمی کوردستان و عێراق بکەنە ئامانج کە ئەمریکیەکانی تێدا نیشتەجێن، بۆیە هانی هاوڵاتیانی ئەمریکا دەدەین، "بەزوترینکات عێراق و هەرێمی کوردستان بەجێبهێڵن و بگەنە شوێنی سەلامەت".

باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لەپەیامێکدا باڵاویکردەوە، ئەو هاوڵاتیە ئەمریکیانەی کە بڕیارینداوە نەمێنن و لەشوێنەکانی خۆیان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بمێننەوە، پێویستە چاوبخشێننەوە بە شوێنی نیشتەجێبونی ئێستایان.

ئاماژەی بەوەشکردوە، "حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا گرنگی بە سەلامەتی ئەوە دەدات و بەردەوام دەبێت لە پێدانی ئەو زانیاریانەی کە پێویستانە بۆ بڕیاردانی دروست سەبارەت بە ئاسایش و ئارامی شوێنی مانەوەتان"، جەختیشیکردەوە کە "حکومەتی ئەمریکا هەمو بژاردەکان هەدەسەنگێنێت بۆئەوەی یارمەتی هاوڵاتیانی بدات لە ناوچەی مەترسیدا ناوەڕاست بەجێبهێڵن".

باسی لەوەشکردوە، "ئامۆژگاری هاوپاتیانمان دەکەین کە بە زوترینکات عێراق و هەرێم بەجێبهێڵن، پێویستە ئەو ئەمریکییانەشی بیاریانداوە نەمێنن، پێویستە ئامادەبن لە شوێنی خۆیان بمێننەوە لە شوێنکی پارێزراودا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، هەروەها پێویستە خراك و ئاو و دەرمان و پێداویستییەی سەرەکییەکانی دیکەیان هەبێت".

سەبارەت بە بژاردەی زیشتنیش باییزخانەی ئەمریکا لە بەغدا ڕونیکردەوە، "لە ئێستادا گەشتە بازرگانییەکان لە عێراقەوە ئەنجامنادرێن، ئێگای وشکانی هەیە بۆ ئوردن و کوەیت و سعودیە و تورکیا و زۆربەی دەروازە سنوورییە وشکانیەکان کراوەن، بەڵام لەنگە بەبۆ ئاگادارکردنەوەی پشوەختە دابخرێن".

لەپاشخانی ئاگادارینامەکەدا باییزخانەی ئەمریکا لە بەغدا جەختیکردتەوە، "بژاردەی گواستنەوەی زەمینی ناوخێیی هشتا کاردەکات، ئەمریکییەکان پێویستە بەجدی بیر لە گشتن بکەنەوە لەڕگەی یەکك لەم ڕگا زەمینییانەوە ئەگەر پیانوایە سەلامەتە بۆ جهشتنی عێراق و هەرێم".